# زانیاریی بۆ ئەو دایکوباوکانەی کە وەڵامیان لە دۆزی پەناخوازییدا وەگرتووە

Kurdisk sorani

## زانیاریی سەبارەت بەو قبوڵەی وەرتانگرتووە

کچەکەت بۆیە لە نەرویجدا پەنای دراوە چونکە (UDI) [بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری بیانییان] پێیوایە کە ئەو لە حاڵەتی گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتی خۆی ترسی ئەوەی لەسەرە ڕووبەڕووی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێ ببێتەوە (خەتەنەی کچان). ئەو قبوڵە دراوە بە کچەکەت بۆ ئەوەی لە خەتەنە بپارێزرێت.

بەرپرسیارێتیی سەرەکیی لە ئەستۆی تۆدایە نەهێڵیت کچەکەت خەتەنە بکرێت. ئەگەر کچەکەت خەتەنە بکرێت، بۆی هەیە ڕوخسەتی مانەوەت لە نەرویجدا لێ بسەندرێتەوە.

ئەو ڕوخسەتی مانەوەیەی تۆ هەتە تەنها بۆ ساڵێکە. پێش ئەوەی بۆت تازە بکرێتەوە دەبێت بێیت بۆ (UDI) و گفتۆگۆت لەگەڵ بکەین لەسەر وەزعی کچەکەت.

### چی دەبێت ئەگەر کچێک کە لە نەرویج دەژی خەتەنە بکرێت؟

لە نەرویج ئەنجامدان و زەمینەسازیی بۆ ئەنجامدانی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێ (خەتەنەی کچان) قەدەغەیە. قەدەغەکردنەکە هەموو جۆرە خەتەنەکردنێکی کچان دەگرێتەوە. کەسێک کە لە نەرویجدا دەژی بۆی هەیە بە تا دە ساڵ زیندانیی سزا بدرێت ئەگەر بەشدار بێت لە زەمینەسازییدا بۆ ئەوەی کچێک خەتەنە بکرێت. دایکوباوکی کچەکە بۆی هەیە سزا بدرێن ئەگەر کچەکەیان خەتەنە بکرێت و دەرکەوێت کە دەیانتوانی ڕێگە لە خەتەنەکردنەکە بگرن. ئەمە تەنانەت ئەگەر خەتەنەکردنەکە لە وڵاتێکی تریش ئەنجام درابێت یان بدرێت.1
هەر کەسێکیش لەسەر شتێکی وا سزا بدرێت، بۆی هەیە دوایی لە نەرویج دەربکرێتە دەرەوە.2

### کێ چاوەدێریی ئەوە دەکات کچان خەتەنە نەکرێن؟

زۆر کارمەندی ناو دەزگا حکومییەکان و دەزگا تایبەتییەکان ئەرکی ئەوەیان لەسەر دانراوە کە هەرکاتێک زانیارییان دەست بکەوێت سەبارەت بەوەی کە کچێک خەتەری ئەوەی لەسەرە خەتەنە بکرێت، دەبێت یەکسەر پۆلیس یان دەزگای منداڵپارێزیی ئاگادار بکەنەوە. ئەو کەسانە بۆی هەیە یان غەرامە بکرێن یان زیندان بکرێن ئەگەر بێتو ئەو دوو دەزگایە لە زانیارییەکی وا ئاگادار نەکەنەوە.

هەر کاتێک دەزگای منداڵپارێزیی هەواڵی پێبگات کە کچێک خەتەری ئەوەی لەسەرە خەتەنە بکرێت، دەست دەکەنە لێکۆڵینەوە لە دۆخی پەروەردە و سەرپەرشتیپکردنی خێزانیی ئەو کچە. منداڵپارێزیی دەتوانێت داوا بکات و فەرزی بکات کە کچەکە ببرێت بۆ خەستەخانە بۆ پشکنینی پزیشکیی.

ئەو دایکوباوکانەی کە خەڵکی ئەو وڵاتانەن کە خەتەنەی کچانی تیا ئەنجام دەدرێت، دەرفەتی ئەوەیان دەدرێتێ کە سەبارەت بە خەتەنە قسەوباس لەگەڵ پەرستیارێکدا بکەن. ئەو کچانەی کە لە قۆناغی ناوەندیی لە نەرویج دەخوێنن، دەرفەتی ئەوەیان دەدرێتێ کە سەبارەت بە خەتەنە قسەوباس لەگەڵ پەرستیارێکدا بکەن.

### زانیاریی سەبارەت بە یارمەتیی تەندروستیی

زۆر کچ و ژن هەن کە بەر لەوەی بێن بۆ نەرویج خەتەنە کراون. ئەوە قەدەغە نییە کەسێک پێشتر خەتەنە کرابێت، بەڵام دایکوباوکەکانی ئەو کچانەی خەتەنە کراون ئەرکیانە کار بۆ ئەوە بکەن کە ئەو کچەی خەتەنە کراوە ئەو یارمەتییە تەندروستییانەی بدرێتێ کە پێویستی پێیەتی. لە هەر ناوچەیەکی تەندروستیی لە نەرویجدا بنکەیەکی تەندروستیی ژنانە هەیە کە وەک ئەرکێکی تایبەتیی ئەوەیان لەسەرە کە یارمەتیی تەندروستیی بدەنە ئەو کچ و ژنانەی کە خەتەنە کراون.

ئەگەر زانیاریی زیاترت پێویستە سەبارەت بەمە، تەلەفۆن بکە بۆ ئەم ژمارە تەلەفۆنەی ڕێکخراوی خاچی سوور کە تایبەتە بە هاوسەرگیریی بەزۆر و شێواندنی کۆئەندامی زاوزێ، 81555201، بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ پزیشکێکدا یان پەرستیارێکدا بکەیت، یان هەر دەتوانیت پەیوەندیی بکەیت بە منداڵپارێزییەوە لەو شارەوانییەی لێی دەژیت. هەروەها دەتوانیت زانیاریی سەبارەت بە شێواندنی کۆئەندامی زاوزێ و سەبارەت بە دەرفەتی یارمەتیی تەندروستیی لەم سایتەدا بەدەست بێنیت: www.nkvts.no. یەکێک لەو شتانەی کە لەو سایتەدا دەست دەکەوێت چەندین نامیلکەیە کە بە چەندین زمانی جۆراوجۆر نووسراون.

---

1 بەپێی یاسای شێواندنی کۆئەندامی زاوزێ، پەرەگرافی 1
2 بەپێی یاسای بیانییان، پەرەگرافی 66 و 68

# Informasjon om kjønnslemlestelse
# Norsk

## Informasjon om tillatelsen

Datteren din har fått beskyttelse i Norge, fordi UDI mener at hun står i fare for kjønnslemlestelse (kvinnelig omskjæring) ved retur til hjemlandet. Tillatelsen er gitt for å beskytte datteren din mot omskjæring.

Det er du som har hovedansvaret for at datteren din ikke blir omskåret. Dersom datteren din blir omskåret kan du miste oppholdstillatelsen din i Norge.

Oppholdstillatelsen din varer i ett år. Før du kan få fornyet den, må du komme til UDI for å ha en samtale med oss om situasjonen for datteren din.

## Hva skjer hvis jenter som bor i Norge blir omskåret?

I Norge er det forbudt å utføre eller medvirke til kjønnslemlestelse (kvinnelig omskjæring). Forbudet gjelder alle former for kvinnelig omskjæring. Personer som bor i Norge kan bli straffet med inntil ti års fengsel, dersom de medvirker til at en jente blir omskåret. Foreldre kan bli straffet dersom datteren deres blir omskåret og det hadde vært mulig for dem å avverge omskjæringen. Det gjelder selv om omskjæringen skjer i et annet land.[1] Personer som får en slik straff kan bli utvist fra Norge.[2]

## Hvem passer på at jenter i Norge ikke blir omskåret?

Mange offentlig og privat ansatte i Norge har plikt til å informere politiet eller barnevernstjenesten hvis de har opplysninger om at en jente kan stå i fare for å bli omskåret. De kan bli straffet med bøter eller fengsel, dersom de lar være å varsle.

Når barnevernstjenesten får melding om at en jente står i fare for kjønnslemlestelse, vil de undersøke barnets omsorgssituasjon. Barnevernstjenesten kan gi pålegg om at barnet bringes til sykehus for medisinsk undersøkelse.

Foreldre fra land med kvinnelig omskjæring, vil få tilbud om samtale med helsesøster for å snakke om omskjæring. Jenter som går på ungdomsskolen i Norge vil få tilbud om samtale med helsesøster for å snakke om omskjæring.

## Informasjon om helsehjelp

Mange jenter og kvinner har blitt omskåret før de kom til Norge. Det er ikke forbudt å være omskåret, men foreldre har plikt til å påse at døtre som er omskåret får nødvendig helsehjelp. I hver helseregion i Norge finnes en kvinneklinikk som har et spesielt ansvar for å gi helsehjelp til jenter og kvinner som er omskåret.

Dersom du trenger mer informasjon, kan du ringe Røde Kors-telefonen om tvangsekteskap og kjønnslemlestelse 815 55 201, snakke med lege eller helsesøster, eller du kan kontakte barnevernstjenesten i kommunen der du bor. Du kan også finne informasjon om kjønnslemlestelse og tilbud om helsehjelp på nettsiden www.nkvts.no. Her finner du blant annet informasjonsbrosjyrer på ulike språk.

1 Lov om forbud mot kjønnslemlestelse § 1
2 Utlendingsloven §§ 66 - 68